# رۆڵی زانکۆ لە پێکهێنانی فەرهەنگی لێکتێگەیشتندا

هان ڤان کینگ
سەرۆکی زانکۆی نەتەوە یەکگرتووەکان لە تۆکیۆ
و: گۆڤاری توێژینەوە

سەماحەتی محەمەد خاتەمی سەرۆك کۆماری ئیسلامی ئێران لە وتارەکەی خۆیدا لە پەنجاو سێیەمین کۆبوونەوەی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە ٢١ی سپتێمبەری ١٩٩٨دا، ئەم پەیامەی خوارەوەی ئاراستەی کۆمەڵگەی جیهانی کرد:

"ئەگەر مرۆڤایەتی لە سەرەتای ئەم سەدەیە و هەزارەی نوێدا گشت هەوڵی خۆی بۆ چەسپاندنی گفتوگۆ و دانانی گوتار (دیسکۆرس)و لێکتێگەیشتن لە باتی بەربەرەکانی و دوژمنایەتی نەخاتەگەڕ، ئەوا دەرفەتێکی پڕ بەها کە بە قازانجی نەوەکانی داهاتوویە، لەکیس دەدات".

لەوڵامدا، کۆمەڵەی گشتی لە ٩ی نۆڤەمبەری ١٩٩٨دا، ساڵی ٢٠٠١ی بە ساڵی گفتوگۆی ژیارەکان دانا. کۆمەڵەی گشتی (دەستکەوتگەلی ژیارە جۆراوەکانی مرۆڤایەتی کە بەوێنەی پلورالیزمی فەرهەنگی و فرەچەشنی داهێنانە) بەفەرمی ناساند و جەختی کردەوە کە:

بەدرێژایی مێژوو وێڕای گرفتی نەبوونی لێبوردەیی، شەڕو ناکۆکی، کارلێکی بەکەڵك و پۆزەتیڤی ژیاران بەردەوام بووە، هەروەها جەختی کردەوە لەسەر بەهادان بەگرینگی لێبوردەیی لە پێوەندی نێونەتەوەیی و پڕ بایەخ بوونی رۆڵی گفتوگۆ وەك ئامرازێك بۆ لێکتێگەیشتن و وەلانانی مەترسی لەسەر ئاشتی و بەهێزکردنی کاریگەری لەسەر یەکتر و ئاڵوگۆڕکێی ژیاران، دیسانەوە جەختی کردەوە کە دەستکەوتەکانی شارستانیەت، میراتی کۆی مرۆڤایەتیین و بەشێوەیەکی فەرمی سەرچاوەی ئیلهام و پێشکەوتن بۆ مرۆڤایەتی دەرەخسێنن.

بەم بۆنەیەوە، کۆمەڵەی گشتی پێشوازی لە هەوڵ و تێکۆشانی هەمەلایەنەی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی کرد بۆ پەرەپێدانی لێکتێگەیشتن لە رێگەی گفتوگۆی پۆزەتیڤی نێوان ژیارەکانی بەردەم هەزارەی سێیەم و، داوای لە گشت دەوڵەتان و دامودەزگای نەتەوە یەکگرتووەکان، لەوانە رێکخراوی یونسکۆ،

ڕێكخـراوە پێوەندیـدارە حكـومی و ناحكومییـەكان NGO كـرد بەشـێوەیەكی چـالاك لــەم ئەركــەدا بەشــداربن. ئــا لــەو كاتــەدا زانكــۆی نەتــەوە یــەكگرتووەكان دەســتیكرد بــەدانانی بەرنامەیــەكی چالاك بۆ بانگەشەی ئامـانجی گفتوگـۆی ژیارەكـان. مەبەست لەو بەرنامەیە ئەمەیە: ڕوونیبكاتەوە ئـاخۆ زانكۆ دەتوانێ چ یارمەتییەك بەم ئامانجە (گفتوگۆی ژیارەكان) بگەیەنێت.

### تێگەیشتن له ڕاستییەكان

بەڵام بەرلەوەی بتـوانین وتوویـێژ بكـەین ئەوانـەی ڕەنگــە لــە وتوویــێژدا بەشـداربن، ئەگـەر دەیانــەوێ دڵنیابن ئەنجامی پێكگەیـشتنیان بەڕاسـتی دەبێتـە لێكتێگەیشتنێكی باشتر و چڕتر، دەبێ دوو مەسـەلە لەبەرچاو بگرن، یەكەم: توانای سنورداری ئێمـە، لــە بیــنین و تێگەیــشتنی ڕاســتییەكان. دەبــێ ئێمــە هەمیشە ئاگاداربین ئەوەی دەیبینین ڕەنگە ڕاستەقینە نەبێت (تەنانەت ڕەنگبێ نەتوانین ڕاستەقینە ببینین). پاشان ئێمە تەنیا ئــەو شـتانە دەزانـین، ببیـنین كـە فێركراوین بیانبینین. سەبارەت بەوانەی فێر نەكراوین بیانبینین، ناتوانین بدوێین.

دەتوانین ئــەم وتەیــە بەئاسـانی ڕوون بكەینــەوە: بەرهەمــــەكانی م.س. ئەشــــێر (١٨٩٨-١٩٢٢) هونەرمەنـدی گرافیـستی هۆڵەنـدی بەرهــەمێكی پرشنگدار دەربـارەی چـۆنییەتی پێوەنـدیی فیكـری، هێزی دەرككردن و بێ بنەمابوونی ڕواڵەتەكان پێشان دەدەن. یــەكێك لەمانــە تـابلۆی (نـسبییەتە)، ئــەم تابلۆیە گروپێك لە چەشـنی مـرۆڤ پێـشاندەدات كـە لەسەر چەند پلیكانێكی پێكپەیوەسـت و تاقگـەلێك كە بە ڕووی چەند باخێكدا دەكرێنەوە، دێن و دەچن. پلیكانەكان دوو ڕوون، بەجۆرێ كە پلیكانێك دەكـرێ پەیكەرگەلێكی لەسەر بێت كە هاوكات بـە هــەردوو دیودا بــەبێ بایەخـدان بەراكێـشانی زەوی خــەریكی چوونە سەرەوە و هاتنە خوارەوەن.

دیمەنێكی سەرسوڕهێنەرە ئەوەی وا بــۆ گروپێــك بنمیچە، بۆ گروپەكەی دیكە دیوارە. ئەو دەركەی لە ڕووبەڕووی گروپێكدایە بۆ گروپەكەی تر دەلاقەیــەكی سەر زەوییە.

نموونەیەكی بەناوبانگی تر، تابلۆی (شەو و ڕۆژ)ی ئەشێرە (١٩٣٨). دیمەنێك لە مەرزاكانی شـەترەنجی پێــشان دەدات كــە نیــوەی لەبــەر ڕوونــاكی ڕۆژ و نیوەكەی تری لە تاریكە شەودایە. كاتێ بینـەر چـاو دەبڕێتــە بەشــی ســەرووی تابلۆكــە، مــەزراكان دەگـۆڕدرێن بـەپۆلێك باڵنـدە. هـەر كەسـەو بـەپێی ئەوەی لە گۆشـەیەكەوە تەماشـای تابلۆكـە بكـات، دەتوانێ باڵندەی سپی ببینێ كە لە تاریكایی شـەودا خەریكن هەڵدەفڕن، یـان باڵنـدەی ڕەش لەڕۆشـنایی ڕۆژدا. ماوەیــەكی پێدەچــێ تــا بینــەر بتــوانێ هەردووكیان وەكیەك ببینێت.

هــەروەها خەڵەتێنــەربوونی ڕواڵەتــەكان، لــە وێنەیەكدا لە سێرنی ژنێڤە دەبینرێت كە گەورەترین تاقیگەی توێژینەوەی ناوكییە لە ئەوروپا. نێوەڕاستی ئەم وێنەیە بە ڕەنگی زەردە، وەك زەردێنەی هێلكـە، لــە نێــوان ســپێنەی هێلكەكــە خــاڵی ڕەش ڕەش بەمەودای تا ڕادەیەك یەكسان و هەروەها سێ جووت بازنەی هاوسەنتەر كێشراوە كە ڕەنگیان لە كەسـكی كاڵەوەیە هەتا شینی كاڵ. هەر كەس ڕێـك چـاو لــە تابلۆكــە بكــات، دوای ماوەیــەك وا دەبــینێ كــە

بازنەکان دەسوڕێنەوە. کە لە راستیدا وا نییە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا.. نموونەیەکی تر لە ئەستەم بینینی ئەو شتانەی وا فێر نەکراوین بیانبینین ئەمەیە:

من وێنەی ئاسمانی مەرزایەکی بەرینی گوڵی لالەم لە هۆڵەندا پێشانی زۆربەی بینەرانی وتارەکانم داوە کە پڕە لە رەنگی زەرد و سووری کاڵ. تەنیا ئەو کەسانەی خەڵکی هۆڵەندان و وڵاتەکە بەباشی دەناسن خێرا دەزانن وێنەکە هی مەزرایەکی گوڵی لالەیە، جێگەی سەرسوڕمانیش نییە لەبەرئەوەی بەدەر لە هەر شتێك ئێمە کەسك بە (کەسك) دەبینین، چونکە لە منداڵییەوە ئەمەیان فێرکردووین. ئەم ئەزموونانە بەمانای ئەوە نییە کە گفتوگۆ بێهوودەیە و ناکرێ، بەڵکو ئەمە دەگەیەنێت کە بەبێ دابینکردنی پێشمەرجەکان، بەباشی ئەنجام نادرێت. دەرککردنی ئەوانی تر، واتە راستەقینەی دروستکراو وێنا زەینییەکانیان، ئەو بەهاو ئەزموونانەی لێکدانەوەیان لەمەڕ راستەقینە - بۆ گفتوگۆیەکی مانادار شتێکی بنەڕەتییە. ئەم بابەتە بۆ نموونە لە بەدەستهێنانی رای هاوشاریان لە پرسگەلی گەشەی شارو ژینگە کە لە ناوخۆی فەرهەنگێکدا هەیە لە گفتوگۆی ژیارەکاندا زیاتر خۆی دەنوێنێ.

## راگۆڕکێ لە بەرانبەر گفتوگۆدا

دووەمین ئاستەنگی گەورەی بەردەم گفتوگۆ لە وتارەکەی سەرۆکی کۆمار خاتەمی لە سەمپۆزیۆمی ئیسلامی، گفتوگۆی ژیارەکان لە تاران لە مایسی ١٩٩٩ باسی لێکرا. گوتی بۆ وەها گفتوگۆیەکی دڵسۆزانەو لەبار پەسەندکردنی یەکسانی تەواوی گەل و نەتەوەکان، هێجگار گرنگە. هەر کەس گفتوگۆیەك لەگەڵ یەکێکی تردا بکات دەبێ بەرانبەرەکەی خۆی وەك هاوبەشێکی یەکسان وەرگرێت و رێزی لێبگرێت. ئەم بابەتە تا ماوەیەکی زۆر لەبەر چاو نەگیراوەو هێشتاش لەوانەیە بەدەر لە رێسا بێت:

ئەو پێوەندییە کۆلۆنیانەی لە ماوەی چەند سەدەی رابردوو بەسەر چەند بەشێکی جیهاندا زاڵبوون لە دابەشکردنی مرۆڤەکان بۆ مرۆڤی پلە یەك و پلە دوو سەرچاوە دەگرن. وا دادەنرا هەندێك لە نەتەوەکان مافی رێبەرایەتی و فەرمانڕەواییان هەیەو دەبێ ئەوانی تر گوێڕایەڵ وپێڕەوی ئەوان بن.

پێکدادان کاتێ پێش دێت کە لایەنێك مافی زیاتر بۆ خۆی دابنێت و هەوڵ بدات بەهەر جۆرێك بێ لە رێگەی بەکارهێنانی بێ بەزەییانەی هێز تەنانەت بەبەرپاکردنی شەڕیش، یان بەبەهای زەوتکردنی مافی ئەوانی تر، یان داپڵۆسانی خەڵك، وەچەنگی بخات. ئەم چەشنە پێکدادانە بەرهەمی رەگەزپەرستی و بێ دادییە. وەلێ هەرکە گفتوگۆی ژیارەکانمان دەستپێکرد، جیهان پێشوازی لێکردو بوو بە بەگریمانەی پەسەندکردنی یەکسانی نەتەوەکان، ئەمەش دەستکەوتێکی مێژووییە لەسەر ئاستی مرۆڤایەتی.

مەخابن لە کۆمەڵگەی ئێستادا گفتوگۆ زۆر باوی نییە. ئەمە هونەرێکە دەبێ پەرەی پێبدرێت. ئێمە لەباتی ئەوە، زۆرتر لەگەڵ رێسای دەمەتەقێ راهاتووین کە تیایدا سەلماندن و سەلماندنی بەرانبەر دەمانگەیەنێتە ئەنجام. راگۆڕکێ لەسەر ئەم بنەمایەیە کە زۆرتر بدوێین و کەمتر ببیسین، مەبەستیش لەم کارە تەنیا بردنەوەیە.

نموونەیەکی باش ئەوەیە ئێستا دەربارەی گەشەی ئابووری و ریشەکێشکردنی هەژاری راگۆڕکێ لە ئارادایە. دیارە کەس بەڵگە ناهێنێتەوە کە گەشەی ئابووری لە ئاستی پێویستدا نییە. بەلاّم گەشەی ئابووری بەتەنیا بۆ ریشەکێشکردنی هەژاری بەس نییە. پرسەکە سادەیە، هەمووان یارمەتیدەرن بۆ گەشەی ئابووری. بەلاّم کێ سوودی لێوەردەگرێ؟ چۆن دەتوانین هاوسەنگییەکی پەسەند لە ناوخۆ و لە ولاّتەکاندا پێکبێنین، کە هەموو خەڵکی جیهان کەڵکی لێوەربگرێ نەك چەند میللەتێك؟

گفتوگۆ، ململانێ هەڵناگرێ، چونکە مەبەست بردنەوە نییە بەڵکو لێکتێگەیشتن و وروژاندنی هەستە بەرانبەر ئەوی تر. کەواتە لە گفتوگۆدا، ئاخاوتن بایەخی کەمترە لە بیستن. گفتوگۆ هەوڵدانە بۆ لێکدانەوەی ئەو بابەتانەی ئەوانی تر دەیڵێن، دیاریکردنی بەستێنێکی هاوبەشە لەگەڵ بیروباوەڕی خۆمان تا بتوانین دەست بەداهاتووەك بکەین بۆ کۆمەڵگەی جیهان بەگشت چەشنە پڕ ماناکانییەوە.

ئەم پرۆسەی فێربوونە لەوانی تر، پێویستی بەزانست و بەستێن و چوارچێوەیەکە بۆ ئەوەی چەمك ببەخشی بە زانیاری زانکۆکان کە ئەرکێکی قورسیان لەسەر شانە بۆ نەوەی داهاتوو، تا بەهادان بەفرەچەشنی فەرهەنگی هەستیار بکەن و یارمەتیدەریان بێت بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی ئاشتیانە و فرەچەشن.

## زانست و ئاشتی

سەرۆك کۆمار خاتەمی لە وتارەکەی خۆیدا لە سێپتەمبەری ١٩٩٨دا لە کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاماژەی کرد بەبەکارهێنانی بەجێ و نابەجێی زانست. لە سەدەکانی هاوچەرخدا زانست پتر وەك سەرچاوەی هێز بەکارهێنراوە نەك فاکتەرێکی کۆنترۆڵکردن، هەر بۆیە زانست ئەمڕۆ لە دەست کەسانێکدایە مەبەستیان تەنیا پێشبردنی سوود و بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیانە. لەم رووەوە مرۆڤایەتی بەدرێژایی ئەم چەند سەدەیە زەبرێکی زۆری لە دەست رەگەزپەرستی و بێدادی پێکەوتووە. ئێستاش کەسانێك دەتوانن لەسەر وێرانییە ترسناکەکانی دوو شەڕی جیهانی شایەتی بدەن. وێڕای دانانی رێکخراوی نەتەوەی یەکگرتووەکان - کە دەسکەوتێکی پۆزەتیڤی مرۆڤە - هێشتا ئاشتی راستەقینە لەسەر بنەمای یەکسانی نەهاتۆتە دی.

زانست خۆی لەخۆیدا باش، یان خراپ نییە: کەڵك لێوەرگرتنی وەك ئامرازێکی جێبەجێکردن، یان کۆنترۆڵکردنی دەسەلاّت، زانست ئاوا گرنگ و بەرجەستە دەکات. ئەوانەی دژی پێشکەوتن، پاراستن، یان گواستنەوەی زانستن باشتر وایە بیر لە راوبۆچوونی کامبار سەرۆکی ئەنجوومەنی نێونەتەوەیی زانکۆکان بکەنەوە کە سەردەمانێك لایەنی سەرەکی وتوویژ بوو لە پرسی سەربەخۆیی زیبمابۆی: ئەوکاتەی پێتانوایە بەهای زانست گرانە، پێچەوانەکەی تاقی بکەنەوە کە نەزانییە.

بێگومان ریشەی شەڕەکان لە پلەی یەکەمدا لە رکابەریی نێوان نەتەوەو دراوسێکانەوە سەرچاوە

دەگـــرێ. بـــەبێ ململانـــێ و بـــێ خواســـتی دەســـەڵاتداریەتی هـــیچ شـــەڕێك هەڵناگیرســـێت و پەرەناسێنێ. بەربەرەکانیش لە بێ دەسەڵاتی خەڵك و کۆمـەڵان بـۆ دانوسـتاندن و چارەسـەری ئاشـتیانەی کێشەکان، دەستپێدەکات. هەندێ جار بـەکارهێنانی هێزو توندوتیژی وەك تاکە ڕێگە چارەی ناکۆکییەکان دێتـە بەرچـاو. تەنانـەت ئـەو کاتـەی نەتەوەیـەك سەبارەت بە بیروباوەڕی بەرانبەرەکەی تووشی وەهم و خەیاڵ دەبێت، توندوتیژی هەڵدەبـژێرێ. لـە ڕاسـتیدا شـەڕەکان بەرهـەمی تـرس، دەمـارگیری و خـراپ تێگەیـشتن، واتـە ئـەو زیانانـەن کـە پێوەنـدی بـە نەناسینی ئەوانی ترەوە هەیە. تەنیا زانست دەتـوانێ دەرمانی دەردان بێت. ئێمە لە جیهانێکدا دەژین کـە وڵاتان پێویستیان بـەدوژمنی دەرەکییـە تـا بتـوانن یەکریزی ناوخۆیی و ناسنامەی خۆیان بدۆزنەوە.

هـەروەکو هـەموومان تاقیمـان کردۆتـەوە، ئـەو بارودۆخ و خەڵکانەی نایانناسـین، یـان تێیانناگـەین زیاتر بـۆی هەیـە لێیـان بترسـین لەچـاو ئەوانـەی وا دەیانناسین.

نەناسین و بێ توانایی لە بەکارهێنانی ڕێکوپێکی بیرۆکە و واژەکـان بـۆ دیـاریکردنی بـارودۆخ، تـرس دەخولقێنێ. خەڵك و ڕێبەرانی وڵاتان لـە بـارودۆخی پڕ مەترسیدا لەبەر نەزانی و تێنەگەیـشتن، خـراپترین بارودۆخ پێشبینی دەکەن و لە ئاکامدا زۆرجار شـەڕو توندوتیژی لە ئاشتی بەباشتر دەزانن. بەپێـچەوانەوە، زانـست کاریگـەری هێمنانـەو مرۆڤانـەی هەیـەو ڕاستەقینەی ئەوانی تر بەبێ ئەوەی سەرچاوەی تـرس بن، ئاشکرا دەکات. ئەوکاتەی زانست تایبەتمەندییـە نەناسـراو و تێکـەڵ پێکەڵـەکانی لایـەنی بەرانبـەر ئاشکرا دەکات، ئەو بارودۆخانـەی کـە دەبنـە هـۆی شەڕو و پێکدادان کەمتر دێتەگۆڕێ. زانست، لـەباتی ئەوەی لایەنەکان هەنگاو بۆ دانانی دووبەرەکی بنـێن و کەلێن بخەنە نێوان (ئێمـە)و (ئـەوان)، پردێـك لـە نێوان کۆمەڵگاکاندا دروست دەکـات. زانـست نـەك هەر ترس و مەترسـی و توندوتیـژی کـەم دەکاتـەوە بـەڵکو دەمـــارگیری وەك شـــێوازێکی چارەســـەری ناکۆکییەکان پوچـەڵ دەکاتـەوە. پێکنـاکۆکی نێـوان زانـست و دەمـارگیری زۆر گرنگـە. مەبەسـتم لـە دەمارگیری ئەو بیروبـاوەڕە گەندەڵانەیـە کـە لەگـەڵ هەسـتی نێگـەتیڤ وەك ئیرەیـی، کینـەو دزێـوی تێکەڵـەو بەگـشتی بـە بیروبـاوەڕی کاردانـەوەی کۆنەپەرستانە لەوانە ڕەگەزپەرستی کۆتایی دێت.

دەمارگیری لە خراپ تێگەیشتن گومڕاکەرترە، لە ڕاسـتیدا لێکدانـەوەو ئـاوازی شـەڕو توندوتیژیـشە. بەڕاستی من هیچ جۆرە گروپێکی دەمـارگیر ناناسـم کـە پـاوانخواز نـەبێت، واتـە لەسـەر بنـەمای ڕەتکردنەوەی ئەوانی تر تەنیا لەبەر ئـەوەی جیـاوازن کار نەکات. کەواتە توندوتیژی بەرێکەوت بەرهـەمی لاوەکی دەمارگیری نییە، بەڵکو یەکێکە لەبەرهەمە میکانیکییەکانی. دەمارگیری بەشێکە لە بەرنامـەی توندوتیـژی. لـەو سـەرەوە، زانـست لـە سـایەی پەرەســـەندنی ئاکـــاری مرۆڤایـــەتی، هۆکـــاری دابینکردنی ئاشتی و ئارامییە و هۆکاری پێکهێنانی قـەدرو بەهایـشە. ئەوکاتـەی دەمـارگیری خـراپترین ڕووی مرۆڤ دەخاتە بەرچاو، زانست بە لێکتێگەیـشتن دەگـات و لـە هـەوڵی ئەوەدایـە مـرۆڤ بگەیەنێتـە پێشکەوتوویی و سەربەرزی.

ناکرێ لەسەر درۆ و هەوڵ و شیکردنەوەی دروست و ڕێکوپێك ساز بکرێ. هەرگیز ئاشتی درێژخایەن لە ترس و دەمارگیرییەوە سەرهەڵنادات. تەنیا زانست دەتوانێ بناغەیەکی دروست دابین بکات بۆ شیکردنەوەی دۆخێکی پڕ کێشە و ئەو هەوڵانەی بۆ سەقامگیریی ئاشتی دەبێ بدرێن. کەواتە، ناسین و تێگەیشتن لە ژیارە جۆراو جۆرەکان بێجگە لەو ژیارانەی تیایدا گەورە بووینەو خوومان پێگرتووە و فێری بووین، لە ناخی گفتوگۆی دۆستانەی نێوان شارستانیەتەکاندایە. گفتوگۆی نێوان نەتەوەکان دەبێ بەباشترین شێوە بەرەو پێش ببرێت. چونکە ژیارە جۆراوجۆرەکان یارمەتی مێژووی مرۆڤایەتییان داوە. فرەچەشنی سەرچاوەی راستەقینەی سەرمایەی نەتەوەکانە و بەداخەوە هێشتا بەباشی پەی پێ نەبراوە.

## ڕۆڵی زانکۆکان

زانکۆکان دەتوانن لەگەڵ ئاشناکردنی نەوەکانی داهاتوو بە دەوڵەمەندی فرەچەشنی فەرهەنگەکان، یارمەتییەکی گەورە بەم مەبەستە بگەیەنن. بەڵام هێشتا ئەو دامەزراوە نێونەتەوەییانە نین کە بانگەشە دەکەن و ئاواتەخوازن وابن. دەرچوانی زانکۆکانیش ئەو کەسانە نین خاوەن بیرۆکەی نێونەتەوەیی تا بتوانن جیهانێکی یەکپارچەی تەواو کەڵك وەرگرتوو لە فرەچەشنی فەرهەنگی بڕەخسێنن. لەگەڵ ئەمەشدا زانکۆکان هەمیشە ئاوا وەك ئێستا سنووردارو (نەتەوەیی) نەبوونە، کەواتە بەڵگە نییە بۆ ئەوەی لە داهاتووشدا بەم شێوە بن.

لە جیهانی ڕۆژئاوادا، زانکۆی مۆدێرن وەك مەڵبەندی باڵای نێونەتەوەیی دەستبەکاربوون. لە نێوەراستی سەدەکانی ناوییندا یەکەمین زانکۆکانی ڕۆژئاوای بۆلۆنیا، پاریس و ئاکسفۆرد بەراستی بەرنامەی دەرس، قوتابییان، کۆلیجگەلی نێونەتەوەییان هەبوو هەروەك چۆن زانکۆ بەرچاوەکانی جیهانی عەرەبی و ئیسلامی لە ساڵانی سەرەتاییدا وابوون. ئەم زانکۆیانە خوێندکارو مامۆستایان لەسەرانسەری ئەورووپا کۆدەکردەوەو لە ئاست و بواری جیهانیدا وانەیان دەگوتەوە.

لە سەدەکانی ١٤-١٥ زایینی هاوکات لەتەك پرۆسەی دەوڵەتی - نەتەوەسازیدا، ژمارەی زانکۆکان بەرەو زیادبوون چوو. لەتەك زیادبوونی زانکۆکان لە سەرانسەری ئەورووپا شایەتی بە (نەتەوەیی) بوونیشیان بووین، کە بەپێچەوانەی یەك دوو سەدەی پێش لە هەر وڵاتێ خوێندکارو مامۆستاو بەرنامەی تایبەت بەو وڵاتە دانرابوو، هێدی هێدی وەك ئامرازێك کەوتنە دەست مەڵبەندەکانی دەوڵەتە تازە پێگەیشتووەکان کە مەبەستیان پێکهێنان و پتەوکردنی هەلومەرج و ویژدانی نەتەوەیی بوو. بە تێپەڕبوونی زەمەن ئەم پرۆسەیە تینی بەخۆوە گرت و لە سەدەکانی ١٩-٢٠دا گەیشتە لوتکە.

ئەمڕۆکە هێشتا شێوازی دانان و کارکردنی زانکۆکان لەسەر بنەمای ئەم لۆژیکە نەتەوەییەیە. لە زۆربەی هەرە زۆری وڵاتاندا، زانکۆکان بایەخ دەدەن بەپرسگەلی (نەتەوەیی) و زۆرجار ناوی زانکۆی نەتەوەییان لێنراوە. ئەم کارە خۆی لە خۆیدا نێگەتیڤ نییە. بێجگە لەمانە (بەکۆمەڵایەتی بوون) لە ڕێگەی فێرکردنەوە دەبێ لە شوێنێکەوە دەسپێبکات و ڕەهەندی (نەتەوەیی)ش وەك هەر خاڵێکی تری دەسپێك باشە. تەنانەت دەیسەلمێنم کە

خاڵێکی دەسپێکی پێویست و پیرۆزە. فێربوونی زانست تا ڕادەیەك لە دلۆڤانی مرۆڤ دەچێت: دەست لەناو دەستی یەکتر کاردەکەن. لەلایەکەوە هەرچەندە بازنەکە فراوانتر بێت، بەو ئەندازەیە دەبێتە هۆی دڵخۆشی و پاداشتەکەیشی بەرینبوونی دلۆڤانی مرۆڤایەتییە. وەلێ لە لایەکی دیکەوە ئەگەر عەشق و دلۆڤانی لە نزیکترین کۆڕی مرۆڤایەتی کە خێزانە هەستی پێنەکرێ و تاقی نەکرێتەوە زەحمەتە کەس بتوانێ بۆ دوورترین بازنەکانی مرۆڤایەتی بەزەیی و دلۆڤانی پێشان بدات.

ئەم بنەمایە سەبارەت بەفێربوون و زانستیش ڕاستە. لەکاتێکدا زانست بۆ جیهانە بچووککراوەکەی ئەمڕۆکە پێویستە و پێگەیشتن (گەیشتن پێی) دژوارە، لە ڕێگەی ناسینی ئەو دنیایەی وەکو منداڵ و مێردمنداڵ تیایدا گەشە دەکەین و گەورە دەبین، دەکرێ پێیبگەین. زۆربەمان لە جیهانێکی پان و بەریندا گەورە نابین، بەڵکو لە کۆمەڵگەی بچووك بچووکدا کە لەناخی ناوچەو نەتەوەکاندایە گەشە دەکەین.

ئەگەر خۆمان نەناسین و ڕێز لە خۆمان نەگرین ئەستەمە بتوانین خەڵك بناسین.

هەروەها لە (لەنگەرگرتن)ی نەتەوایەتیدا، سالآنی بنیاتنانەوەمان دەبێ ڕەوتێکی ئاواڵە بێت بەرەو جیهانی دەرەوە. دەنا هەر چەشنە زانستێکی نەتەوەیی و فێرکردنی زانکۆیی سوودی نابێت. ئەم بابەتە بایەخی گفتوگۆ و بەنێونەتەوەیی کردنی زانکۆکان، دەخاتەڕوو.

زانکۆکان لە ڕوانگەی مێژووییەوە ڕۆڵێکی بێ هاوتایان لە بارهێنان و بەکۆمەڵایەتیکردنی خەڵکدا گێڕاوە.

سازدانی نەتەوە Nation-building جۆرێك لە دابینکردنی ئاسایش و ئارامی بووە لە نێوان خەڵك و ئەو ناوچانەی خوویان بەململانێ و دوژمنکاری و شەڕی بەردەوامەوە گرتبوو. لەم چوارچێوەدا، زانکۆکان ڕۆڵێکی گەورەیان گێڕاوە لە وەلاتانی ناکۆکییەکان و خەڵك خستنە سەر بواری خزمەتکردن بەئامانجێکی نەتەوەیی و ئاشتیانە، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە هەوڵ بدەین زانکۆکان یارمەتی و هانی خوێندکاران بدەن بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی جیهانیی دەوڵەمەند بەفرەچەشنی فەرهەنگی.

لە ڕاستیدا (هێڵی) نێوان دروستکردنی کەشوهەوای نەتەوەیی و ناسیونالیزم لەوانەیە باریك بووبێت و زۆرجار سنوری یەکتریان بەزاندبێ. زۆرجاران دامەزراوە سیاسییەکان لە خزمەتی بیروباوەڕی ناسیۆنالیستیدا بوون و زانکۆکان بوونەتە ئەو شتەی کە لە پێشدا مەبەست نەبووە:

دامەزراوە ڕانومایی و باوەڕییەکان، نا لێبوردەیی و وەلاتانی ئەوانی تر، بۆ نموونە بیر لە بارودۆخی زانکۆکان لە ئەڵمانیای نازی، فەرانسەو ولآتانی ژێر دەسەڵاتی کۆمۆنیزم لە ئەوروپای ڕۆژهەڵات و یەکییەتی سۆڤیەت بکەنەوە. ئاشکرایە ئەم جۆرە تێگەیشتن و کەڵکوەرگرتنە لە زانکۆ نەدەتوانێ یارمەتیدەری هێورکردنەوەی هەلومەرجی نەتەوەیی بێ و نە ئاشتی نێونەتەوەیی دابین دەکات.

## فێربوونی گفتوگۆ

زانکۆی هاوچەرخ کە هێشتا بنەمایەکی نەتەوەیی هەیە، چۆن دەتوانێ یارمەتی بەکۆمەڵایەتیبوونی ڤالایی نێونەتەوەیی بدا؟

زانکۆکان دەبێ چۆن بن و چ یارمەتییەکی خێرای دروستکردنی کۆمەڵگەی جیهانی بدەن - کە رەنگە ئامانجێکی بەرزەفڕانە بێت، یان هەر هیچ نەبێ یارمەتی بێ بۆ لێکتێگەیشتنی زیاتری نەتەوەکان؟ نووسەر چەند بەستێنێکی لە باری ناساندووە کە تیایاندا دەکرێ هەوڵ و تەقەلا بدرێت بەمەبەستی پتر یارمەتیدانی زانکۆکان و زانستی ئەکادیمی بۆ لێکتێگەیشتنی زیاتری نەتەوەکان.

یەکەم بەستێن سەبارەت بە بەرنامە دەرسییەکانە. زانکۆکان دەبێ هەولێکی راستەقینە بدەن لە بواری پەرەپێدانی بەرنامە دەرسییەکانی خۆیان لەبەشی زانستەکانی کۆمەڵناسی، زانستە سروشتییەکان، ئەندازیاری و پزیشکیی. فێرکردنی هاوکاتی بەشە جۆراوجۆرەکان، دەبێ لە قۆناغی دروشمەوە بگوازرێتەوە بۆ قۆناغی جێبەجێکردن و روانگەی ئەو وانانەش کە دەگوترێنەوە بەر فرەوان بکرێت. بۆ نموونە ئێمە لە زانکۆکانی خۆماندا سەبارەت بەو ناوچانەی ئەگەری دووبارەبوونەوەی شەڕو پێکدادانیان تێدایە چ دەرسێك دەڵێینەوە؟ ئێمە پێویستمان بەتێگەیشتنێکی قووڵترە لە ئاڵۆزیی راستەقینەکان و رەهەندە مێژووییەکان. بیر لە ئەفریقا بکەنەوە: زیاتر لە پەنجا نەتەوە، کیشوەرێك بە سەدان زمان، سەدان کلتور کە گشتیان لەسەر بنەمای زنجیرە پرسگەلی بەرواڵەت چارەسەرنەکراو، بنیاتنراون. ئێمە سەبارەت بەم کیشوەرە چی دەزانین و چ شتێ فێری خوێندکارەکانی خۆمان دەکەین؟ زۆر کەم، هەر هیچ، هەندێ جار مرۆڤ بیردەکاتەوە، نەکا پێوەندییەك لە نێوان کەمی ئاستی زانست و بەردەوامی و فرەیی پرسگەلی ئەفریقادا هەبێت. چۆن دەتوانین پەی بە ریشەی ئەم جۆرە پرسگەلە ببەین، پێداچوونەوەیەکی تر کە دەبێ لە بەرنامە دەرسییەکاندا بێتە ئاراوە، تێڕوانینی قووڵ و وردبینانەی پرسەکانە، زانکۆکان زۆرجاران وانەکانی خۆیان بەبابەتگەلی وەك پێشکەوتن، ئاسایش و ئاشتییەوە دەبەستەوە بەبێ ئەوەی هەوڵ بدەن ناخی ئەم بابەتانە بناسن. بەڕای من ئەم کارە رۆڵێکی گەورە دەگێڕێ لە ئاسپایی تێگەیشتنی راستییەکان. ناوبردنی پرسەکەو گەڕان بەدوای رێگە چارەیەك، یارمەتی پێشکەوتنی زانست و توێژینەوە نادات وردبوونەوە لە پرسەکە یارمەتی دۆزینەوەی پێوەندی نێوان ئەو بابەتانەی ژێر لێکۆڵینەوەدان دەدات. بەبێ تێگەیشتنی تەواو لەم پێوەندییە، تاوتوێکردنی قووڵی بابەتی دەرس بەهیچ شێوەیەك ناکرێ.

ئاڵوگۆڕی زانکۆیی زەمینەیەکی ترە کە زانکۆکان دەتوانن لەوێدا خزمەتی زیاتر بکەن. ئەم جۆرە ئاڵوگۆڕانە بەگشتی ئامرازی بەکۆمەڵایەتیبوونی نێونەتەوەییە. چونکە دەتوانێ فەرهەنگی لێکتێگەیشتن و ئاشتی لە نێوان نەتەوەکاندا پەرەپێبدات. ئاڵوگۆڕەکان دەبێ بکرێنە پرۆژەیەك بۆ فێرکردنی هاوبەش. کەواتە نەتەنیا گرنگە خوێندکاران و ئەندامانی لیژنەی زانستیی وڵاتانی روو لە پێشکەوتن لە زانکۆی وڵاتە پێشکەوتووەکاندا بخوێنن و خەریکی لێکۆڵینەوە بن، بەڵکو گرنگە خوێندکاران و مامۆستایانی وڵاتە پێشکەوتووەکانیش ماوەیەك لە دەرەوە لەتەك فەرهەنگی بیانیدا بەسەربەرن: چونکە بەشێك لە فێربوونی راست و دروست، گەشت و گوزارو بینینی فەرهەنگەکانی دیکەیە. ئەمە مانای ئەوە نییە کە تاك

قەناعەت بەبینینەکەی خۆی بهێنێ و کاریگەریی بینینەکەی بەس بێت، بەڵکو بەواتای هاوبەشی و تێکەڵاوبوونە. تەنیا بەم شێوەیە دەکرێ بەستێنی گفتوگۆ لە نێوان ئەو نەتەوانەی لە هەلومەرجی یەکساندا یەکتریان بەلاوە پەسەندە، برەخسێ.

لەو شتانەی تاك (فەرد) لە میانەی ئالۆگۆڕ و گەشتوگوزاردا دەیدۆزێتەوە ئەمەیە کە نەتەوەکانی تر و فەرهەنگەکانیان لەگەڵ ئەوەشدا لێکجیاوازن، لە بنەڕەتدا جیاوازییەکی ئەوتۆیان پێکەوە نییە.

فەرهەنگەکانی تریش هەمان ئەزموونی مرۆڤانە پێشان دەدەن کە ئێمە لە ژیانی رۆژانەماندا بەرەو روویان دەبینەوە، لەم ئالۆگۆڕە فەرهەنگی و زانکۆییانەدا لە راستیدا گەشتوگوزاری تاکەکەسییە هەستی مرۆڤایەتی ئێمە زیاتر دەکات. کاتێ خۆمان لەناو خەڵك و خەڵك لەناو خۆمان دەبینین بوونەوەرێکی مرۆڤانەی باشترمان لێدەردەچێت. گەلێك پێویستە ئەو ئالۆگۆڕانە لە ژیانی خوێندکاردا هەتا زووە و ئەگەر بکرێ لە قۆناغی دواناوەندیدا دەسپێبکات. ئا لەم حاڵەدا دەبێ زانکۆکان تەنیا هەوڵ بۆ رێکخستنی وردبینانەی هەستی نێونەتەوەیی خوێندکار بدەن کە لەمێژە دروست بووە. بەڵام بەرەبەرە کە تاك دەگاتە تەمەنی لاوێتی، لێکتێگەیشتن گۆڕانی بەسەردا دێت. لەم کاتەدا ئەزموونی نێونەتەوەیی دەبێ هاوشانی پەروەردە و فێرکردنی زانکۆیی بێ و ناکرێ بخرێتە قۆناغە سەرەتاییەکانی بەرنامەکانی زانکۆ.

نکۆڵی لەوە ناکەم کە ئالۆگۆڕی زانکۆیی ئامرازی سەرەکی پەرەپێدان و پتەوکردنی گفتوگۆی دۆستانەیە، لە هەمان کاتدا هەندێ گیروگرفتیش دێنێتە ئاراوە. بۆ نموونە، خوێندکارانی جیهانی پێشکەوتوو کە لە ولاتە دەوڵەمەندەکاندا دەخوێنن لەوانەیە گەرەکیان بێت لە دەرەوە بمێننەوەو ژیان بەسەر بەرن، یان کاتێ کە دەگەڕێنەوە ولاتەکانیان رەنگە بەهاو باوەڕو میتۆدگەلێ لەگەڵ خۆیان بهێنن کە لە ناوچەکەی خۆیاندا رێزیان لێناگیرێ. ئەم کارە ناتوانێ یاریدەری ولاتانی روو لە پێشکەوتن بێت جگە لەوە ئەو زانیاریانەی خوێندکارانی جیهانی پێشکەوتوو لەکاتی خوێندن لە ولاتانی روو لە پێشکەوتن دەستی دەخەن، دەکرێ بەشێوەیەکی کۆلۆنیانە کەڵکی لێوەربگیرێت و رێگە خۆش بکات بۆ جیهانی پیشەسازی تا باشتر دزە بکەنە ناو ئەو ولاتانەو هەژموونی بکەن.

من بەتەواوی لەم بوارە نێگەتیفانەی ئالۆگۆڕی فەرهەنگی ئاگادارم لەم رووەوە کە ئەمانە هەمان پرسگەلن کە لە زانکۆی نەتەوە یەکگرتووەکان بەردەوام بەرەو روویان دەبینەوە. ئەم جۆرە پرسگەلە پێویستیان بەبیرکردنەوەی جیدییە بۆ دۆزینەوەی رێگە چارە. ئەگەر بێتو تەنیا ولاتە دەوڵەمەندەکان قازانج لە ئالۆگۆڕی فەرهەنگی و زانکۆیی بکەن ئەوا یەکسەر لە ئامانجی سەرەکی لامانداوەو مەبەستمان نەپێکاوە.

بەمەیشەوە، من پێموایە قازانجی ئالۆگۆڕی فەرهەنگی و زانکۆیی زیانەکانی پترە سەرەتا ئەنتەرنێتیان بەتازەگەرییەکی پڕ مەترسی لە قەڵەم دەدا کە دەتوانێ خێرا سەرمایەداری لە سەرانسەری جیهاندا سەربخات. ئەمڕۆکە زۆربەی خەڵك بۆیان دەرکەوتووە کە ئەنتەرنێت خۆی لەخۆیدا دەتوانێ ئامرازێکی گرنگ بێت لە بنیاتنانی دیموکراسیدا.

بەو مەرجەی بە وردبینی و لەناو چوارچێوەیەکی تایبەتدا کەڵکی لێوەربگیرێت. بۆ نموونە ئەگەر یەکیەتی لە نێوان رێکخراوە زانکۆییەکانی سەرانسەری جیهان بۆ بەستنی پردی پێوەندی نێوان ئەو نەتەوە هەژار و دەوڵەمەندانەی ئەنتەرنێتیان هەیە، پێکبێت، ئەوا دەبێتە هۆی نزیکی و پێوەندی هەموومان لە هەر کوێیەکی جیهان بین.

لەم هەلومەرجەدا ئەو زانیاری و داتایانەی (Data) لەبەر دەستماندایە دەبێتە زانستی پۆزەتیف. ئەگەر زانست لەسەر بنەمای زانیاری بێت، زیاتر لە زانیاری بایەخی دەبێت. چونکە زانستێکە ئاراستەکراو و لۆژیکانە کە لە ئیلهام و ئاواتەکانەوە هەڵقوڵیوە. رێگە بدەن لێرەدا دووپاتی بکەمەوە مەبەست لە لێکتێگەیشتنی باشتر لە جیهاندا، تەنیا بۆ ئەوە نییە کە ئاواتی بۆ دەخوازین، لێکتێگەیشتن خۆی بۆ خۆی مەبەست نییە، بەڵکو مەبەست لە ئەنجامدا پێکهێنانی جیهانێکی باشترو ئاشتییانەترە کە بەرەو خۆشەویستی خۆت و خەڵك دەڕوات. ئەمە تەنیا خەیاڵ و یۆتۆپیا نییە بەڵکو لەراستیدا تەواو پراکتیکیانەیە. یەکێك لەو شتانەی کە لە ئەزموونی سی ساڵەم لە ژووری وانە گوتنەوەدا فێری بوومە ئەمەیە: تەنیا یەك چەشنە پراگماتیزم هەیە بایەخی بیر لێکردنەوەی جیددی هەبێت، ئەویش ئەو پراگماتیزمەیە کە خزمەت بکات بەلێبوردەیی، گشتگیری و فێربوونی زانست. کەواتە بۆ زامنکردنی پێشڤەچوونی ئەو شتەی ناوی دەنێم فەرهەنگی لێکتێگەیشتن، پێویستمان بەچییە؟ تێکۆشانی بێوچان و وردبینانە، فێربوون و بیستن و بەخشینی چەمکێکی راستەقینە بەزانیاری، هەوڵ نەدان بۆ ئەوەی خەڵك بکەین بە خۆمان، بەڵکو بوون بەوان بۆ گەڕان بەدوای جیهانێکی باشترو ئاشتیانەتر، خۆماڵیکردنی ئایندەی ئەوانی تر، پێویستی ئەم کارەش بەتەواوەتی دەرك پێکردنی راستییەکانی ئەمڕۆکەی خۆمانە.

### فەرهەنگی لێکتێگەیشتن

بەشێك لەم راستییە پرسی بەجیهانیبوونە. بەڵام بەڕای من بۆیە لەسەر بەجیهانیبوون قسەو باس زۆر دەکرێ، چونکە تا ئێستا هیچ نییە. بەهۆی نەبوونی زانست و تێنەگەیشتن لە پرۆسەی مێژوویی، هەمووان بەرووداوێکی نوێی دەژمێرن. بۆ نموونە، کۆچی بەرفرەی خەڵك لە ئەورووپاوە بۆ ئەمریکا، یان لە ئاسیاوە بۆ ئەورووپا وا دەریدەخات کە پەیوەندی دوور بەدوور دیاردەیەك بووە بەدرێژایی مێژوو. خاڵێکی تر ئەمەیە: بەتێپەڕبوونی کات فێربووین بە کەرەستە پێشکەوتووەکانی گواستنەوە بژین. لەئاکامدا مەوداکان کەمتر بوونەتەوە و ژمارەو قەوارەی پێکگەیشتن و ئاڵوگۆڕەکان رووی لە زیادبوون کردووە. دیارە ئەم پرۆسەیە بەرەبەرە روویداوە. ئێستا ئەم پرۆسەیە گشت جیهانی گرتۆتەوە. بەڵام نابێ گۆڕانکارییە بەرچاوەکانی ئەورووپا لەکاتی یەکگرتنەوەی ئیتالیاو ئەڵمانیا یان چین و ژاپۆن بەکەم بزانین. رەنگە جیاوازی نێوان ئەو نەتەوانەی ئەوسا یەکیان گرتووە بەقەدەر یەکگرتنی ئەو نەتەوانەی لە بەشە جیاجیاکانی ئەمڕۆی جیهان دەژین، گرنگ بوو بێت. کەواتە یەکسەر ناچینە ناو بوارێکی تەواو نوێ. دەزانین نەتەوەکان دەتوانن فێری پێکەوە ژیان بن و لە زۆر شوێنی جیهاندا لەگەڵ

ئەوەشدا جیاوازییە بەرچاوەکانیان لـە ئاراسـتەگری و ژیاری خۆجێیدا پاراستووە، توانیویانە لەگەڵ یەکتردا بەئاشتی و خۆشی بەسەر بەرن.

بۆ تێگەیـشتن لـە جیهـانی سـەردەم، فرەچەشـنی فەرهەنگەکانی و پەرەسەندنی بێ پسانەوەی پلورالیزم و قـەوارەی ئاڵوگۆڕەکـان و کاریگـەری لەسـەر یـەکتر، پێویستە رەهەندی مێـژوویی لەبەرچـاو بگـرین. دەبـێ لـەباتی سـاکاربینی و گـشتبێژی و گـشتگیرکردنی روانگەکان تێبکۆشین لـە ئـاڵۆزی و تایبەتمەندییـەکانی پرۆسەی مێژوویی بگەین. بۆ ئەوەی بزانین لەکوێوە دێین و ئێستاکە لە کوێداین، پێویستە باشتر لەو یارمەتییانە بگەین کە نەتەوە وابەستەکان بەکۆمەڵگـەو ژیارەکـانی دیکە دەتـوانن بیگەیـەنن لەکاتێکـدا جـەخت لەسـەر بایەخی رەهەندی مێژوویی دەکەم مەبەستم ئـەوە نییـە لەم بوارەدا تەنیا مێژوو گرنگە، تێگەیشتن لە رەهەندی مێژوویی پرسگەلی، پێکهاتەکان، پرۆسەو پێـشهاتەکان پێویـستییان بـەجۆرە رێکـوپێکی و رێکخـستنێکی ناوخۆیی هەیە کە روانگەی جۆراوجۆر دەخاتـەروو، لـە بەشەکانی فەلسەفە، کۆمەڵناسی، جوگرافیاو ئـابووری کەڵك وەردەگرێ.

ئـەم جـۆرە بۆچـوونە مێژووییـەی مـن لێـرەدا پشتگیری لێدەکەم، کەونینەناسی نییە. مێژوو دەبـێ بۆ تێگەیشتن لەسەردەمی ئێستا بەکاربهێنرێت. لـەم حاڵەتەدا دەتوانێ هەسـت لـە بەرانبـەر ئامـانجێکی کۆمەڵایەتیدا بجـوڵقێنێ. زانـستە کۆمەڵایەتییـەکان ئەوکاتـەی بـەرەو روونکردنـەوەی زەمـەنی سـەردەم دەڕۆن، دەتوانن رۆڵێکی بەرچاو و شیلگیر بگێڕن لـە پەرەپێدانی بەرپرسی کۆمەڵایەتیدا. ئالێرەدا زانـستە کۆمەڵایەتییەکان بەچەمکە بەرینەکەیانەوە دەتـوانن یارمەتی پێکهێنانی ئەو مەرجانە بدەن کە پێویـستن بۆ گفتوگۆی دۆستانەی نێوان کۆمەڵگەو ژیارەکان.

ئـــەم فەرهـــەنگی لێکتێگەیـــشتنە دەبـــێ لـــە زانکۆکانەوە دەسپێبکات و بەشێوەیەکی تـاوتوێکراو پـــەرەی پێبـــدرێ. گـــشت ئاسـتـەکانی فێرکردنـــی سەرەتایی، ناوەندی، باڵا لەگشت بەشـەکاندا لەوانـە فێرکرنی پیشەیی و راگەیاندن دەبێ رۆڵـی پـۆزەتیڤ بگێڕن. یەك لـەو مەرجانـەی بـۆ گفتوگـۆ پێویـستە رێزگرتن لەیەکترە. چونکە هـەر تـاکێ دەبـێ ئـەویتر لەگەڵ خۆی بەیەکسان بزانـێ. بـەڵام ئـەم رێزگرتنـە دەبێ لەسەر بنەمای زانست و ناسینی بەرانبەر بێت. بەڕێز خاتەمی جیهانی بەرووبارێك چـواند کـە لکـی زۆرن و تیایدا رەوتی گەرم و سارد پێکەوە پەیوەسـت دەبن. روانگەی بەڕێزیان بەئاشـکرا لەسـەر بنـەمای پەسەندکردنی فرەچەشنییە.

لەم چوارچێوەدا ناتوانین خۆمـان لـە پرسـیارەکان ببوێرین. دەمانەوێ لەچ جیهانێکدا بژین؟

ئاخۆ لەژێر دەسـەڵاتی هێزەکـانی بـازاڕداین کـە نەگەرەکمانەو نەدەوێرین بەسەریاندا زاڵ بـین؟ وێـڕای هـەر شـتێك، ئـابووری پێکهاتەیـەکی دەسـکردی مرۆڤەو هەر پێکهاتەیـەکی دەسکردی مـرۆڤ کـاتێ هەلومەرجی پێویـستی هـەبێت دەگۆڕدرێـت. کـاتێ دەربـارەی فرەچەشـنی نەتـەوەکان دەدوێـین زۆرجـار لەگەڵ ئـەوەداین کـە دەبـێ فرەچەشـنی کلتورەکـان بوونیان هەبێت. بەڵام لە ئەنجامدا گشت هەوڵـەکانمان بەرەو پێکهێنانی هاوچەشنی ئاراستە دەبێ. کەواتـە پێشمەرجی فرەچەشنی فەرهەنگی لە جیهاندا چییە؟

ئەمــە بابەتێکــە دەبــێ گفتوگــۆی ژیارەکــان بیخاتەڕوو.

خـەڵك رۆژ لەگـەڵ رۆژ زیـاتر دەڵـێن بـەدوای جیهانێکدا دەگەڕێین کـە لەسـەر بنـەمای بـەهاکانی مرۆڤایەتی دامەزرابێت. حەز دەکەن لـەباتی ئـەوەی ببنە قوربانی بەستەزمانی رێکخراوی گەورەو پرۆسـە فراوانەکان، چـاودێری ژیـانی رۆژانـە و هەلومـەرجی ژیانی خۆیان بن. باشـترە زۆربـەیان باسـی گرینگـی (ریشەدار بوون)ی ناسنامەو هەستی پابەنـدبوون بـەو ناسنامەوە دەکەن.

ئێمە لە جیهانێکـدا دەژیـن بەتونـدی پـشتگیری چارەسەری تاك رەهەندی دەکرێ. کەواتە ئەو کاتـەی دەربـارەی تـەکنولۆجی راگەیانـدن، یـان راوەسـتان بەرانبـەر نەخۆشـییە چـڵکییەکان گفتوگـۆ دەکـەین ئاڵۆزبوونی تەواو و دژوارییەکانی پێـشکەوتن لـەیاد دەکەین. تـەکنولۆجی راگەیانـدن چۆناوچـۆن و بـەچ کەرەستەیەك دەتوانێ یاریدەری پێـشکەوتن بێـت، چ هۆکارگەلێك دەبنـە هـۆی بلاوبوونـەوەی نەخۆشـییە چـڵکییەکان؟ چۆناوچـۆن دەتـوانین لەبەرانبەریانـدا راوەستین؟... هەر ئەم بابەتەش سەبارەت بـەفێرکردن راستە. دەڵێن دەبـێ قوتابخانـە کـاتێکی زۆرتـر بـۆ تەکنۆلۆجی راگەیانـدن و بیرکـاری و زمـان تـەرخان بکـــات. ئـــەی مێـــژوو، جوگرافیـــاو زانـــستە کۆمەڵایەتییەکان کە یاریدەری منداڵانن لە ناسـینی جیهان و ئەو خەڵکانـەی دەبـێ لـە تەکیانـدا بـژین، چیان بەسەردێت؟

تا نەتوانین دەربارەی ژیانی ئەوپەری سنوورەکانی وڵات و وڵایەتەکـەیان شـتێك فێـری منداڵـەکانمان بکەین، هەلومەرجی بنەڕەتی بۆ گفتوگۆی ژیارەکـان نایەتە ئاراوە.

لەبەر ئەوە لەو بڕوایەدام دەبێ گفتوگۆی ژیارەکان بەمەبەستی پێکهێنانی لێکتێگەیشتوویی نەتەوەکان لـە زەمینـەی هێجگـار جۆراوجـۆری فەرهـەنگی و جوگرافیاییـدا لێکبدرێتـەوە، لـەوەها گفتوگۆیەکـدا دەبێ فێرکردن لە گـشت ئاسـت و بەشـەکاندا رۆڵـی تەوەری هەبێت.

وەلـێ دەبـێ بڵـێین پەرتووکـە دەرسـییەکانیش زۆرجـاران پـێش دادوەرن, تەنانـەت ئەنجوومـەنی ئـەورووپاش فـەرمانی داوە بەمامۆسـتاکان تـا بـە پەرتووکە دەرسـییەکانی وڵاتـانی تـر دابـچنەوە بـۆ دۆزینەوەی ئەو ئاماژانـەی بەوڵاتەکـەیان کـراوە تـا بـزانن چـۆن هەڵـسەنگێنراوە. لـەم بـارەوە یونـسکۆ هەندێ کاری دەسـپێکردووە بـەڵام لێکۆڵینـەوەو لـە بێژینگـدانی پەرتووکـە دەرسـییەکان دەبـێ بـە رێکوپێکی و لەسەرانسەری جیهاندا ئەنجام بدرێت تـا بزانرێـت ئـاخۆ سـەبارەت بەیـەکتر چـی دەڵـێین، چ دەرسێك فێر دەکەین؟

ئەمـە هـەنگاوێکی مەزنـە بـەرەو لابردنـی ئاستەنگەکانی بەردەم ئـەو چەشـنە لێکتێگەیـشتنە بنەڕەتییەی بۆ گفتوگۆی ژیارەکان پێویستە. زانکۆی نەتەوە یەکگرتووەکان ئامادەیە بۆ ئەم بابەتە گرینگە هاریکاری یۆنسکۆ بکات.

* ئەم بابەتە بەڕێز هانس ڤان کینگل سەرۆکی زانکۆی نەتەوە یەکگرتووەکان لە تۆکیۆ نووسیویەتی و لە گۆڤاری گفتوگۆی جیهانیدا بەرگی ١ ژمارە ٢ زستانی ٢٠٠١ بلاوکراوەتەوە. د. عەبدولرەزاق هۆشەنگ مەهدی (مامۆستای زانستە سیاسییەکانی زانکۆی ئیمام سادق) کردوویە بە فارسی.